کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-10-2007 16:53بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## چۆن ژیانم بگۆڕم ... ڕاپۆرت: نزار ناشاد

Nzar_nashad@yahoo. com

ڕێباز" بڕیارم داوە بۆ هەتاهەتایە جگەرە نەکێشم
ساڵح بێچار" بڕیارم داوە لەماوەی دووساڵدا فێری ئینگلیزیەکی پێرفێکت ببم
ناوەندی سەرکەوتنی ئاسان بەهاوکاری ناوەندی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لەڕۆژانی (8 - 9 / 9 / 2007) هەستا بەسازادنی کۆرسێك لەژێر ناوی (چۆن ژیانم بگۆڕم) بۆ گەنجانی ناو زانکۆو دەرەوەی زانکۆ کەزیاتر لە (40) گەنج تێیدا بەشداربوون و گەنجانی بەشداربووی کۆرسەکە زۆردڵخۆش بوون بەکردنەوەی ئەو کۆرسە و بەکۆرسێکی ئەکتیڤ ناوزەندیان کردوو باسیان لەوە کرد کەئەگەر کۆرساتی لەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا ئەتوانین گۆڕانکاری تەواو لەژیانی خۆماندا بکەین و دواتر ئەم گۆڕانکارییانە بگوازینەوە بۆ نێو کۆمەڵگا.



لەسەرەتادا سالار فەتاح وانەبێژو ڕاهێنەر لە ناوەندی سەرکەوتنی ئاسان وتی" ناوەندی سەرکەوتنی ئاسان وەك پسپۆڕیی (ئیختیپاتیی) خۆی لەگەڵ ناوەندی ڕاگەیاندی زانکۆ هەستاوە بەسازدان و بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژەیە، کە کۆرسێکە لەژێر ناوی (چۆن ژیانم بگۆڕم) دیارە هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە دەیەوێت ژیانی بگۆڕێت، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی هەمانە خەڵك دەیەوێت لەدەرەوەی خۆیەوە گۆڕان درووست بێت، بەڵام ئێمە گەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی دەبێت لەخۆمانەوە گۆڕان درووست بکەین، وەدەبێت کەرەستەو ئامادە باشی لەخۆماندا هەبێت بۆ گۆڕان.
کۆرسەکەی ئێمە لەژێر ناوی (چۆن ژیانم بگۆڕم) دایە کەئەکرێت ئەوە پرسیاری هەریەکێك لە لەئێمە بێت، کەبڵێت چۆن ژیانم بگۆڕم، ئێمە لەم کۆرِوە هەندێك بنەمای زانستی هەیە کە کردوومانەتە وەڵام بۆ هەرکەسێك کەدەڵێت چۆن ژیانم بگۆڕم، ڕەنگە هەریەکێك وەڵامێکی هەبێت بەڵام ئێمە تەنیا کلیلی پێشکەش دەکەین لەم کۆرسەدا، کۆمەڵێك بنەمای هونەری سەرکەوتن بەخوێندکاران دەڵێینەوە لەم کۆرسەدا وەفێریان دەکەین کە هەمیشە خاوەنی بڕیاری خۆیان بن، کەدواتر ئەم بڕیارانە دێنە کۆمەڵگاوە سوودیان لێ وەردەگیری.
لەناو خوێندکارانی ئەم کۆرسەدا بڕیاری زۆرباش دراوە، وەدووجۆر بڕیارمان هەیە کەیەکێکیان بڕیاری کورت خایەنەو یەکێکیان بڕیاری درێژخایەنە، لەگەڵ ئەوەشدا وانەکان زۆرن بۆنموونە (نەهێشتنی هەستی داماوی = بڕیاردان = خۆخاوێن کردنەوە لەشتی نێگەتیڤ لەزەیندا) و هتد ئەمانە هەندێك لەوانەکانن و لەکاتی وانەکاندا نموونەی ژیانی کەسە سەرکەوتووەکان دەهێنینەوە کەچۆن توانیویانە بەسەرکەوتن بگەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەروەها سالار فەتاح سەبارەت بەناوەندی سەرکەوتنی ئاسان وتی" ناوەندی سەرکەوتنی سەرکەوتنی ئاسان ناوەندێکە تائێستا هیچ دەعمێکی نیە وە تائێستا خاوەنی بینای خۆشی نیە بەڵکو کۆمەڵێك گەنجین و خۆمان هەستاوین بەم کارە.

ڕێباز عەلی سەلام یەکێکە لەبەشداربوانی کۆرسی چۆن ژیانم بگۆڕم و لەبارەی کۆرسەکەوە وتی" کۆرسەکەکە بەگشتی کۆرسێکی باش بوو کە باوەڕی مرۆڤ و سەرکەوتنی مرۆڤ و بوونیادی مرۆڤ و فێرکردنی زۆرشتی دی لەخۆ گرتبوو، وەئەم کۆرسە وای کرد کە ئێمە زیاتر بڕوامان بەخۆمان هەبێت و ئازابین لەبڕیارداندا، بۆنموونە من وەکو بەشداربوویەکی ئەم کۆرسە بڕیارێکی درێژخایەنم دا کە بۆهەتاهەتایە جگەرەنەکێشم و زەرەر لەخۆم و دەوروبەرم نەدەم، وەهەرکەسێك جگەرەی بەدەستمەوە بینی باجگەرەکە لەدەستما بکوژێنێتەوە.

هەروەها شیلان محەمەد عەلی خوێندکاری کۆلیژی کۆمەڵناسی و بەشداربوو لە کۆرسی چۆن چیانم بگۆڕم بەم شێوەیە باسی لەکۆرسەکە کردوو وتی" ئەم کۆرسە سوودی زۆری هەیەو والەمرۆڤ دەکات کە باوەڕی بەخۆی هەبێت بۆ سەرکەوتن وەڕێنیشاندەرە بۆ گەیشتن بەئامانج، من داوادەکەم ئەم جۆرە کۆرسانە بەردەوام بن و بەتایبەت ئەو کەسانە بەشداری تێدابکەن کە شەرمنن و ناتوانن بڕیاربدەن، وەمن وەك خۆم لەم کۆرسەوە بڕیارم داوە لەدوای تەواوبوونی کۆلیژ لەخوێندنی باڵا بخوێنم.

لەناو بەشدابواندا شاعیر ساڵح بێچار یەکێك بوو لەبەشداربووانی کۆرسی چۆن ژیانم بگۆڕم، بێچاری شاعیر لەبارەی کۆرسەکەوە وتی" ئەم کۆرسە جیاوازبوو لەهەموو کۆرسەکانی تر، ئەمە کۆرسێك بوو بۆ پەیبردن و تەقندنەوەی توانا شاراوەکانی مرۆڤ کە لەهەر مرۆڤێکدا کۆمەڵێك توانا خەوتووە کە بەڕاستی کەسێکی دەوێت ئەو توانایانە بەئاگا بهێنێتەوە وەبیان خاتە بواری پراکتیکیەوە، هەریەکێك لەبەشداربووانی ئەم کۆرسە بڕیاری کورت خایەن و درێژخایەنی خۆی داوە کەئەمە بەڵگەی ئەوەیە ئەم بەشداربووانە ئێستا باوەڕیان بەخۆیان هەیەو توانا شاراوەکانی خۆیان دۆزیوەتەوەو ئەو مرۆڤە بێ توانایەی جاران نین، بڕیاری منیش ئەوەیە کەبتوانم لەماوەی (2) ساڵدا فێری ئینگلیزییەکی پێرفێکت ببم ئەمە وەك بڕیاری کورت خایەن، وەبڕیاری درێژخایەنم ئەوەیە کەلەماوی (10) ساڵی داهاتوودا دووکتێب لەسەر (ژن) وە (منداڵ) بەچاپ بگەیەنم (ئەگەر مەرگ مۆڵەت بدات) بەڵام جیاواز لەو کتێبانەی کەئێستا لەو دووبوارەدا بوونیان هەیە.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا ئەم کۆرسە توانیوێتی نازانوی (بێچار) بە بەڕێزت بگۆڕێت ساڵح بێچار وتی" بێچار بۆتە پێناسەی من لەبەرئەوە گۆڕانی مەحاڵە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی زانکۆ یەکێکە لەو ناوەندانەی کەهەمیشە کاری باشی باشی کردووەو توانیوێتی پانتاییەکی گەورە لەلای خەڵکی درووست بکات بۆ خزمەت کرد و ئێستاش هاوکاری ناوەندی سەرکەوتنی ئاسانە لەم کۆرسەدا، دیار ستار سەرپەرشتیاری ڕادیۆی زانکۆ بەم شێوەیە باسی لە لەکۆرسەکە کردو وتی" ئەم کۆرساتە لەژێر ناوی چۆن ژیانم بگۆڕم بۆ سالار فەتاح سازکراوە کەکۆمەڵێك بەشداربوو لەناوەوەو دەرەوەی زانکۆی لەخۆ گرتووە بەخۆشحاڵیەوە هەموو بەشداربوان باس لەوە دەکەن کەسوودی زۆریان بینیوەو ئێستا خاوەن توانیەکی ترن، وەئەم کۆرسە دەیەوێت ئەو توانایانە بخاتەگەڕ لەمرۆڤدا کەخۆی ئێستا نەیتوانیوە سوودیان لی وەربگری، هەروەها والەبەشداربوان دەکات کەباوەڕیان بەخۆیان هەبێت و کۆڵنەدەن بۆ گەیشتن بەهەر ئامانجێك، هەروەها دیار ستار وتی" لەبەرنامەماندایە لەداهاتوودا کۆرسێك بۆ زمانی لاتینی کوردی بکەینەوە کەدواتر لەڕێی ڕاگەیاندنی زانکۆوە ئاگاداری تەواوی بۆ دەکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.